# سنجاقی شارەزوور (کەرکووك) و سلێمانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا


**نووسینی: ڤیتال کیونێ**
**لە فرەنسییەوە وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەکادیمیای کوردی**


(بەشی یەکەم)

## پێشباری وەرگێڕ

ئەم باسەی ئێرە بەشێکە لە کتێبێکی فرەنسی بە ناوی (تورکیای ئاسیەوی: جوگرافیای کارگێڕی)، کە ساڵەکانی ١٨٩٠–١٨٩٥ لە پاریس، بە چوار بەرگی گەورە لە نووسینی ڤیتال کیونێ بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە باری جوگرافی و ئاماری زۆر وردی تێدایە لەبارەی سەرلەبەری ویلایەتەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و نووسەرەکەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئامارە ڕەسمییەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بووە و بۆ خۆیشی زۆربەی دەر و ناوچەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی گەڕاوە. بەدەر لەوەی کە نووسیارەکەی بەحوکمی ئەوەی لە دەرباری عوسمانی نزیك بووە و بەدەر لەوەش، کە هەستێکی کریستیانیخوازانە بە نووسینەکانییەوە دیارە، کەچی ئەم کتێبە سەرچاوەیێکی گەلێك گرینگە بۆ هەر کەسێك بیەوێ لە مێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانی بکۆڵێتەوە. بەشی زۆرترینی بەرگی دووەمی ئەم کتێبە کە (٨٧٥ لاپەڕەیە) تەرخانی ویلایەتە کوردییەکانی عوسمانی کراوە و لەم بەرگەدا گەلێك زانیاری و ئاماری زۆر ورد لەبارەی سەرجەم شار و شارۆچکە و هەرێم و ویلایەتە کوردییەکانی عوسمانی لە دوادواییەکەی سەدەی نۆزدەهەم بەدەستەوە دراون، کە بۆ مێژوونووسیی کورد زۆر گرینگ و پڕ بایەخن. ئێمە هەوڵ دەدەین سەرجەمی ئەو زانیارییانەی کە لە بەرگی دووەمی چاپە فرەنسییەکەدا هاتوون و تایبەتن بە ویلایەتە کوردییەکانی ئیمپراتۆریای

عوسمانی بۆ خوێنەرانی کورد بکەینە کوردی و لێرەدا ئەوەی لە ویلایەتی مووسـڵ بۆ  باسی سنجاقی شارەزوور (کەرکووك و سلێمانی) نووسراوە، دەیکەینە کوردی.


LA

TURQUIE D'ASIE

GÉOGRAPHIE ADMINISTRATIVE

STATISTIQUE

DESCRIPTIVE ET RAISONNÉE DE CHAQUE PROVINCE

DE L'ASIE-MINEURE

PAR

VITAL CUINET

TOME DEUXIEME

PARIS

ERNEST LEROUX, ÉDITEUR

28, RUE BONAPARTE, 28

1891

**سنجاقی شارەزوور ( کەرکووك )**

**سنوورەکان**– سنجاقی شارەزوور کەوتۆتە ڕۆژهـەڵاتی سـنجاقی مووسـڵ. لـە ڕۆژهەڵات سنووری بە ئێـران و سـنجاقی سـلێمانی و لـە باشـوورەوە بـە ویلایـەتی بەغداوەیە، لە باکووریشەوە دەگاتەوە سەر سنجاقی هەکاری (ویلایەتی وان).

**دابەشکردنی ئیداری–** ئەم سنجاقە لە ڕووی ئیدارییەوە دابەشی سەر ٦ قـەزا کراوە، کە ١٢ ناحیە و ١١٥٠ ئاوایی بەم شێوەیەی خوارەوە بەخۆیەوە دەگرێت:

| قەزایەکان | ناحییەکان | ئاواییەکان |
|---|---|---|
| کەرکووك (ناوەندی قەزا) | ئاڵتوون کۆپری.–ملحە–شوان.–توزخورماتوو.–کل–داودە | ٣١٠ |
| ئەربیل (ئەربیلا) | سوڵتانیە.–قوشتەپە | ٣٣٠ |
| ڕانیە | (بە بێ ناحیە) | ٤٥ |
| ڕەواندوز | برادۆست.باڵەك.–دێرە | ٥٥ |
| صەلاحیە–کفری | قەرەتەپە | ٢٥٢ |
| کۆیسنجاق | دووکان | ١٥٨ |
| ٦ قەزا | ١٢ ناحیە | ١١٥٠ ئاوایی |

**دانیشتوان–** دانیشتوانی سنجاقی شارەزوور بریتییە لە ٨٩,٠٠٠ کـەس. بـەم شێوەیەی خوارەوە دابەشی سەر ٦ قەزا کراوە:

| قەزایەکان | دانیشتوانی هەر قەزایەك |
|---|---|
| کەرکووك (ناوەندی قەزا) | ٣٠,٠٠٠ کەس |
| ئەربیل | ١٢,٠٠٠ کەس |
| ڕانیە | ٥,٠٠٠ کەس |
| ڕەواندوز | ١٠,٠٠٠ کەس |
| صەلاحیە–کفری | ١٨,٠٠٠ کەس |
| کۆیسنجاق | ١٤,٠٠٠ کەس |
| کۆی گشتی | ٨٩,٠٠٠ کەس |

## سەرنجدانی مێژوویی

بە شێوەیەکی نزیکەیی هەموو ئەوانەی پێوەندییان بە چاوپێداخشانی مێژوویی و وەسپیی سنجاقی شارەزوورەوە هەیە، بەشێکن لە مێژووی کۆنی ئاشووری، کە لە پێشەوەدا باسیان کراوە. دەتوانین لێرەدا ئەوە زێدە بکەین، کە یادەوەرییە هەرە کۆنەکان باسی ژمارەیەکی بێشوماری کلێسە دەکەن، کە لەو ناوچەیەدا دروست کراون و مێژوو و بیرەوەری برێکی بێشوماری ناوی شەهیدان دەپارێزێ، کە لەو دەرو ناوچەیەدا بە میهرەبانییەوە خوێنی خۆیان لە پێناوی باوەڕیاندا ڕشتووە، لە سەدەی سێیەم و چوارەمدا، وەختایەك پاشایەکانی ئێران کریستیانەکانی خۆیانی چەوساندۆتەوە.

ناوچەی کەرکووك لەوکاتەدا ناوی بێت گرمای(١) یان بادجێرما(٢) بووە، کە بە کلدانی واتەی : *ماڵی ئێسك و پرووسك(٣)* دەگەیەنێ.

ئەم دەرو ناوچەیە بەرفراوانە سروشتێکی خواپێداوی هەبووە. پێدەشتەکەی گەنمی لێوە دەچێندرێ و چیایەکانی میوەیان بە هەموو چەشنەکانییەوە لێیە. بەڵام بەهۆی نەبوونی کارخانە و کار، بە بەراورد بەوەی، کە دەتوانرێ دەربهێنرێ، زۆر کەمی لە زەوی دەردەهێنرێ. سەرباری ئەوەش، دانیشتوانەکەی لە زۆر جێگەدا زۆر پەرت و بڵاون.

ئەوە لە سنجاقی شارەزوورە، کە گەورەترین  ژمارە، کانی گۆگرد، نەوت و کەرەستەگەلی ئەسفەلتیی لێیە. ئەم کەرەستانە لەناو چاڵێکی بەرفراوان و قووڵدا کۆدەبنەوە، کە بۆ ئەم مەبەستە هەڵکەندراون. نەوت، شل و چەور وەکو ڕۆن، بە شەقاری گاشە بەردەکاندا دێتە خوارەوە و لەناو ئەو ئەنبارانە کۆدەبنەوە، کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراون. لەوێوەوە بە سەتڵی مسین دەری دەکێشن.، دەیخەنە ناو مەشکە و دەیگوازنەوە بۆ دەروناوچە هاوسێیەکان، بۆ بەکارهێنانی دانیشتوانەکانی. هەرچی تایبەتە بەو کرێکارانەی، کە سەرقاڵی ئەو کارانەن دەیانەوێ پشوویەك بەو گەڕۆکانە بدەن، کە لادەدەنە لایان، شقارتەیەکی داگیرساو فڕێ دەدەنە یەکێك لەم چاڵاوانە و دەمودەست بە بەرزییەکی بێشومارەوە، دووکەڵێکی سووری تار لەناوەڕستدا بە خەستیی دووکەڵی پەڵە هەورێکی ڕەش بەرز دەبێتەوە. ئەم مینانە لەوەتای چەند سەدەیەکەوە دەبێ

بەرهەم دەهێنرێن، چونکە لە مێژووی ئەسکەندەردا هاتووە کە ئەم داگیرکەرە، کاتێك لە ئەربیلاوە چووە بۆ بابل، لە وڵاتی مینوس(٤) جۆگەلەیەکی نەوتی بینیوە، کە دانیشتوانەکەی بۆ ڕێزگرتن لە تێپەڕبوونی ئەسکەندەر بە ناوچەکەدا ئاوریان داوە.

عیمادەددین، نووسەری عەرەب، سکرتێری نورەددین و سەلاحەددین (سەلاحەددینی ئەیووبی) ئەوە دەگێڕێتەوە، کە پاشای مووسڵ بۆ ئەمەی دوایی، کە بارەگاکەی لە سانت–ژان عەکا(٥) بووە، نەوتی سپی و کرێکاری کارامە و شارەزای بۆ دەڵاندنی بۆ ناردووە. ئەم ماددەیە بێ گومان لە سەرچاوە نەوتییەکانی کەرکووکەوە هاتووە، کە ئەمڕۆ هێشتا لێی دەردەهێنن.

لەم ناوچەیە زۆر پارەی کۆنی ئەسکەندەر و جێگرەوەکانی دەبینرێن، کە زۆر ناسراو نین.، بەڵام ئەوەی پاشاکانی پارتەکان بە ژمارەیەکی زۆر دەبینرێن. کەمێکیان لە زێڕ، ئەوانەی لە زیو و مسن ژمارەیەکی زۆریان هەیە.

لە لایەنی ئایینییەوە، ئەم دانیشتوانانە، بە بێ مەولا و بە بێ ڕێنمایی، بەجێهێڵدراون، تەنها پێویستییە ئاژەڵییەکانی ژیان دەزانن. گەڕۆکە ئینگلیزەکان، کە بۆ ڕۆژێك بەم ناوچەیەدا ڕەت بوون، لە لایەن بەگێکی کوردەوە پێشوازی کراون. لە ساتەوەختێکی دانیشتنی دۆستانەدا، ئەم سەرۆکە پێی وتوون: "*هۆزەکەی من، وەك دەبینن، زیاتر لە فرانکەکان دەچن وەك لە موسڵمانەکان، چونکە ئێمە بەراز دەخۆین، هەرگیز بەڕۆژوو نابین و بەهیچ شێوەیێکیش نوێژ ناکەین*". ئەم ستایشە ئەو هێندەش زۆر مەراییکارانە نەبوو.

## قەزایەکانی سنجاقی شارەزوور

### قەزای کەرکووک

ئەم قەزایە بریتییە لە پێنج ناحیە و ٣١٠ گوندی هەیە وەك ئەوەی کە لە پێشدا باسمان کرد.

**ناوەندی قەزا:** کەرکووك کۆرکۆرای(٦) ی کۆنە و ناوەندی قەزای سنجاق و مەرکەزی قەزای شارەزوورە. دەسەلاتی مەدەنی و سەرکردە سەرەکییەکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کە لەم شارەدا نیشتەجێن بریتین لە: موتەسەریف، حاکمڕانی سنجاق و مەرکەزی قەزا، قازی، بەڕێوەبەرێکی موحاسەبە، سکرتێرێکی سنجاق، بەڕێوەبەرێکی موراسەلات، بەڕێوەبەرێکی تۆماری عەقاری و رووپێوی، بەڕێوەبەرێکی باجگر، بەڕێوەبەرێکی پۆستە و تەلەگراف، بەڕێوەبەرێکی زیندان، کارمەندێکی باری شارستانی و کارمەندێکی دەیەك.

موتەسەریف بۆ مەرکەزی قەزا، ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەری هەیە لەشێوەی ئەنجومەنی ویلایەت و سنجاقەکان. لە کەرکووك ئەنجومەنێکی شارەوانی هەیە، کە ئەرکی کاروباری شاری پێ سپێردراوە.



**دەسـەڵاتی ئـاینی–** دەسەڵاتکارانی ئـاینیی کـەرکوک بـریتین لـە بـۆ موسڵمانەکان، موفتی و قازی، کە پێشتر لـە سـەرەوەدا وەك دەسـەڵاتی مـەدەنی ئاماژەیـان پێکـراوە.، بەڕێوەبـەرێکی دامـەزراوەی مزگەوتـەکان، کـە دامـەزراوە وەقفییەکان بەڕێوە دەبات.

کریسـتیانەکانی کـەرکوک ئارشـیڤێکی کلـدانییان هەیـە، کـە پێـنج قەشـە هاوکاری تێدا دەکەن. کەرکوک شوێنی حاکمی عەسکەری سنجاقی شارەزوورە.

**دەسـەڵاتی سـەربازی–** کـەرکوک نشـینگەی حـاکمی سـەربازی سـنجاقی شارەزوورە. ئەو هێزانەی کە لە بندەستیەتی بەم شێوەیەن:

نیزام: (سوپای چالاك) فیرقەی سەربازی دوانزەیەم

پیادە: سێیەم و چوارەم بەتالیۆنی فەوجی٤٥–ەم.

سێیەم بەتالیۆنی فەوجی ٤٦–ەم.

سوارە: فەوجی ٣٤ ەم و ٣٦ ەم

بازنەی ٥١ ەکەمین

ئیحتیات: فەوجی ١٠١ ەمین.

**دادگە–** لە کەرکوك دادگەیەکی مەدەنی و دادگەیـەکی تاوانکـاریی (جینـائی) پلـە یـەك هەیـە. دەسـەڵاتی دادوەری کـە لـەم شـارەدا هـەن بـریتین لـە قایمقـام، قازییەکی لێکۆڵینەوە و کاتب عەدلێکی ماموور.

**مالییەی عوسمـانی، دائـیرەی توتنـەوانی–** مالییـەی عوسمـانی و دائـیرەی توتنەوانی هەر یەکەیان مودیریەتێکیان لە کەرکووکدا هەیە.

**دانیشتوان–**

دانیشـتوانی ناوەنـدی قـەزا و دەوروبـەری بریتییـە لـە (٣٠,٠٠٠) کـەس بـەم شێوەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| موسڵمان (تورکمان) (٧) | ٢٨,٠٠٠ کەس |
| کریستیان (کلدانییەکان) | ٤٠٠ کەس |
| جوولەکەکان | ١,٦٠٠ کەس |
| کۆی گشتی | ٣٠,٠٠٠ کەس |

**قوتابخانە**– لە کەرکوك چەندین دامەزراوەی فێرکردن و فێرکاری گشتی بۆ موسڵمانەکان هەیە، کە پێکهاتوون لە مەدرەسە (قوتابخانەی ئایینی)، کە بەستراونەتەوە بە مزگەوتەکان و هەروەها قوتابخانەیەکی کوڕان. کلدانییەکان لە کەرکوك قوتابخانەیەکیان هەیە.

**دامەزراوە گشتییەکان**– لەناو ئەو شوێنە کۆنانەی کەرکوك، دەتوانین ئاماژە بەو قەڵایە بکەین، کە هێشتا بەسەر شاردا دەڕوانێ، زۆربەی جار شاری لە دەست پەلاماری ئاغا کوردەکان و هەمەوەندەکان پاراستووە. لە یەکێك لەو سێ مزگەوتانەی کە لە حەوشەکەیدا، بانگاشەی ئەوە دەکرێ کە گۆڕی منداڵەکانی پێغەمبەرەکان: میخایل(٨)، ئەیوانی(٩) و ئەلیعازر ( عیزرایل)(١٠) ی لێیە. موسڵمانەکان و جوولەکەکان ساڵی جارێك زیارەتیان دەکەن.

لە دەرەوەی دیوارەکان کلێسەی کۆنی مار– تەماسغەر(١١) هەیە، کە لە دەورانی کۆنستەنتینی گەورەدا دروست کراوە.، گێڕانەوەکان ئەوە دەگێڕنەوە، کە ئەم کلێسەیە جەستەی ژمارەیەك شەهیدی سەدەی یەکەمی کلێسەی تێدایە.

شاری ئێستەی کەرکوك بریتییە لە ٤٧٣٠ ماڵ، ١٢ خان یان ئۆتێل، ١١٨٣ فرۆشگا و دووکان، ١٢٨٤ کێڵگەی چاندن ( لەناو شار خۆیدا)، ٣٠٥ زەوی کە سەر بە مزگەوتەکانن، ١٨٠ باخچە و بێستان، ٣٢ مزگەوت (نوێژخانە)، ١٠ تەکیە و شوێنی زیارەت، ١٨ قوتابخانەی ئاست جیاوازجیاواز، ٨ گەرماوی گشتی (حەمام)، ٣ نانەواخانەی گشتی، ٦٤ ئاش، سەرایەك ( کۆشکی حکومەت)، ئۆردوویەك و ١٠ پاسەوانی تایبەتی.

کەرکووك شارەزووری کۆن، پایتەختی کوردستان نییە، کە بڕێك ڕۆڵی بینی تاوەکو داگیرکردنی عوسمانی، کە پاشماوەکەی لە باشوور–ڕۆژهەڵاتی سلێمانییەوەیە. ئەم ناوەی شارەزوور کە دراوەتە پاڵ کەرکووك تەنها بۆ ئەوە بووە تا ئاماژە بە تەواوی ئەو دەروناوچە دراوسێیانە بکات، کە تاوەکو دەورانی مەغۆل ملکەچی ئەربیل بوون.

کەرکووك لەسەر گردێکی دەستکرد، بێگومان بە تێچووی زۆرگران، لە دەورانی کۆندا لەسەر زەوییەکی پان بونیات نراوە، بۆ ئەوەی شوێنێکی سوودمەندتر بە شارەکە ببەخشێ، کە لە ڕاستیدا لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەری

خۆی سەرووترە. ئەم ڕەوشە نایابە، پێکەوە لەگەڵ بێشوماریی نەوت لەم ناوچەیەدا، وای لە ئۆلیڤێ کردووە پشتئەستوور بە دەقێکی کوینت کۆرس(١٢) تایبەت بەو ڕێگەیەی، کە ئەسکەندەر گرتیە بەر بۆ ئەوەی لە ئەربیلەوە بچێ بۆ بابل بڵێ ئەو شارە کۆنەی، کە کەرکوك جێگەی گرتۆتەوە شاری مینیس بووە، بەڵام جوگرافیناس و ئارکیۆلۆگەکان ئەمڕۆ لەسەر ئەوە یەك ڕان شاری کەرکوك شوێنی شاری کۆرکورای کۆنە.

کەرکووك بریتییە لە کەرخە یان بێت–سلوقی ئەسێمانی(١٣): ئارشەڤێکی ئێستای شارەکە ناوی شێرشونینسیس(١٤) یان بێت–سلوکیوسیۆی(١٥) هەڵگرتووە.

ئەم شارە هەرچەندە خراپ بونیات نراوە، بەڵام زۆر پڕ جوولەیە. بازاڕەکانی زۆر پڕ کەلوپەلن. لە سۆنگەی زۆریی زەوییەکانی، شارەکە بەسەر بەشی سەروو کە پێی دەڵێن قەڵا و بەشی خوارووی شار دابەش بووە. زۆری ئاو تێیدا وای کردووە، باخچەگەلی زۆر جوانی تێدا بکرێت کە تێیدا هەموو درەختەکانی وڵاتە گەرمەکانی تێدایە: دارپرتەقاڵ، داری لیمۆ، داری هەنار و دار خورما. بە گوڵی دار پرتەقاڵ لە ماڵە تایبەتییەکاندا، بۆنێکی گوڵاوی دروست دەکەن کە بەکاردێ بۆ پرژاندنی بۆ سەر و جلوبەرگی میوانان. هەرچەندە کەمترە لەوەی بەغدا، بەڵام ڕێژەیەکی باش دارخورمای لێیە. کەم تا زۆر لەناو هەموو حەوشەیەکی خوارووی شار دەبینین سەری دەرهێناوە و لەوێوە لە وەرزی گەورەی چنینەوەی خورمادا.، لەگەڵ منارەکان ، گومەزی مزگەوتەکان تێکەڵ دەبێت و بەم شێوەیە ڕوخسارێکی جوانی، تەواو ڕۆژهەڵاتییانە بە شارەکە دەبەخشێ.

کۆمیونیتە مەسیحییەکانی ناو کەرکووك بریتین لە ٥٠ بنەماڵە لەناو شار و ٢٠ بنەماڵەش لە کەناری شار بە ناوی شوریا (گوند)دا هەن. لە سەرێکی دیکەوە کۆمیونیتەی جوولەکە کە لەم شارەدا دەژین نزیکەی ٣٠٠ ماڵ دەبن. ئەم کەمینە نەتەوەییە بچووکە وەك ئەوە وایە لەناو دانیشتوانێکی ٣٠,٠٠٠ کەسیدا ون بووبن. بەڵام بەخۆشییەوە تێبینی ئەوە دەکرێ کە وێڕای جیاوازیی ئایینییان کەچی هەموو دانیشتوان بە باشی پێکەوە دەژین.

**ئاووهەوا**– ئاووهەوای قەزاکە پاکە.

**کشتوکاڵ**– کشتوکاڵی هەرە بڵاو بریتین لە گەنم، جۆ، برنج و توووتن، هەروەها دارمێو و درەختە میوەدارەکان بە تایبەتی دار لیمۆیە.

**سەرچاوەکانی ئاو**– ئەم ناوچەیە، بە نزیکەیی هەمووی پێدەشتە و زەوییێکی بە پیت و فەڕی هەیە، چەندین ڕووبار ئاوی دەدەن، لە گرینگترینیان بریتین لە زێی بچووک، کە لقێکی دیجلەیە و ڕووباری خاسە، کە کەرکووک و بڕێك لە ئاواییەکانی دەوروبەری ئاو دەدات و دەڕژێتە ناو لقێکی دیکەی دیجلە و عوزێم. سەرچاوەکانی دیکەی ئاو تەنها بریتین لە جۆگەلەی بچووك یان جۆباری سێلاو لە ماوەی زۆرترینی بەشیساڵدا.

**سەرچاوە ئەسفەلتییەکان**– لە سەعاتێك یان دوو سەعاتەڕێ لە باکوور–ڕۆژئاوای کەرکووکەوە، بە ئاراستەی ئاڵتوون کۆپری لەناو چاڵی هەڵکەندراو لە بناری گردێك بەناوی نەفتاوە (نەوت، ئەسفەلت)، بە قووڵی ٢ تا ٤ مەتر و زیاتر، نەوت دەردەهێنن، کە دەیکەنە ناو مەشکەکانەوە و بە کەران دەیگوازنەوە بۆ ناو شار. ئەم بەرهەمە گەلێك زۆرە.

هەروەها زۆر دوور نا لەوێ، زەوییێکی گەرم هەیە پێی دەڵێن باباگوڕگوڕ، کە لەوێوە بڵێسەی ئاگری شین لە درزی زەوییەکەوە هەڵدەستێ.

لە ناوەڕاستی سەرچاوەکانی نەوت جۆگەلە ئاوێکی زولال دەڕژێ کە ئاژەڵەکان بە چڵێسییەوە ئاوی لێ دەخۆنەوە و بەگوێرەی ئەو تێبینییانەی کە کراون، بە زوویی قەڵەویان دەکەن. خەڵکی ناوچەکە بە چارەسەرێکی باشی دەبینن بۆ بڕێك لە نەخۆشییەکانی پێست. لە بڕێك ناوچەدا جۆرە خۆڵێکی زۆر ترش دەردەهێنن، کە منداڵە موسڵمانەکان بە پارچە دەیبڕن و لەناو شەقامەکانی شار دەیفرۆشن بۆ خواردن.

**بیرە سوێرەکان**– لە ئاوی بڕێك لە بیری سوێر لە باشوور–ڕۆژهەڵاتی کەرکووك خوێ دەردەهێنن.

**چیایەکان**– لەم قەزایە دوو زنجیرە چیای بەرزایی مامناوەندی لێیە: قەرەچووغ و چیایەکانی حەمرین. لە قەرەچووغ، بەرەو ڕێژگەی زێی گەورە، بڕێك

کەس پارەی یۆنانی و ڕۆمانییان دۆزیوەتەوە. هەروەها لوولەی جوانی ئاوی لێیە، بڕێك لە بیرەکان باش دروست کراون و دیوارەکانی بە چیمەنتۆ و قیر داپۆشراون.

**پیشەسازی، بازرگانی**– بازرگانی تەنها لەناو شاری کەرکووکدا هەیە، کە هێشتا هەر لاوازە.، ئەوە هەر لەناو شارەوەیە کە تاقە ناوچەی پیشەسازییە، چەك و چۆلی تێدا دروست دەکەن، مافووری خوری و مووی بزنان و قوماشی خوری و پەمۆ.

**مەلحە**. — مەلحە(١٦) (سوێر) دراوەتە پاڵ ئەم ناحیەیە و کەم تا زۆر تەواوی ئەو ئاواییانەی کە پێکی دەهێنن، بەهۆی ئەو ئاوە سوێرەیەوە کە زۆرە. دانیشتوانەکەی عەرەبن، زۆربەشیان جووتیارن.

**کۆپری**– کە ئاڵتوون–کۆپری (پردی زێڕین) و ئەلقەنتەرە–یشی پێدەڵێن، ئاواییەکی گەورەیە لەنێوان دوو لقی زێی بچووك (کارپروسی کۆن) دروست کراوە. بە پردێکی نایاب دروستکراو، کە دەڵێن لە لایەن مورادی چوارەم، داگیرکەری بەغدا دروست کراوە، دەچینە ناویەوە. ئەم پردە، وەك زۆر لەم دروستکردنانە، کەوانەی ناوەڕاست لەوانی دیکە فراوانتر و بەرزترە، کە ئەمە سیمایەکی شوێنەواریی جوانی پێداوە، بەڵام وای کردووە هاتوچۆ بۆ چارەوەکان سەخت بێت.، ئەم پردە لەسەر ڕێگەی کاروانەکانە.

کۆپری لە ٥٦ کیلۆمەتری ئەربیل و ٤٠ کیلۆمەتری کەرکووکەوەیە. بەگوێرەی ژمارە ڕەسمییەکانی تورکی، ژمارەی دانیشتوانی بریتییە لە ١٧٠٤ کەس لە ڕەگەزی نێر.، ٧٩٨ ماڵ، ٢ مزگەوت و یەك مەسجید (نوێژخانە)، ٢ خان یا ئۆتێل، ٨١ فرۆشگا و دووکان، ٦ قاوەخانەی تورکی، ٥ باخچە و بێستان، ٤ ڕەنگسازی، ١٥ ئاسیاو و ٢٧٤١ کێڵگەی کشتوکاڵی.

بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی بریتین لە مودیری ناحیە، بەڕێوەبەری تەلەگراف، یەك کارمەندی باج و یەك کارمەندی دەیەك.

دانیشتوانی ئەم ناحیەیە، زۆربەیان تورکمانن، کەم تا زۆر هەموویان کشتوکاڵکارن.

**شوان**– شوانەکان هۆزێکی کوردن کە ناحیەیەك پێکدەهێنن بە هەمان ناو، ناووشۆرەتیان یەکسانە بەوەی هەمەوەندەکان، هاوسێیەکانی باشووریان، بەڵام

لەڕووی ئازایەتی و کارامەیی لەوان خوارووترن، کە ئەمە وای کردووە کەمتر ترسناکتر بن.

ناوەندی قەزای ئەم ناحیەیە گەورەت-خەبەرە، ئاوایییەك، کە کەوتۆتە سەر زێی بچووك ، لە باوەشی گاشەبەردێکی پڕ دارودرەخت وەك هێلانەیەك لەناو سەوزایییەکدا وایە.

ئاوایییەکی دیکەی گرینگی ئەم هۆزە، ئاغجەلەرە، لەناو وڵاتێکی نایاب و زۆر سەرنجڕاکێش لەناو جەرگەی هۆزەکەدا.

نشینگەی مودیر لە گەورەت-خەبەرە.

**تازەخورماتوو**- گەورەترین ئاوایییە بەم ناوە، ناوەندی شارۆچکەی ناحیەیەکە بە هەمان ناو، کەوتۆتە شوێنێکی دڵگیر، لەسەر ڕێگەی کەرکووك بۆ بەغدا. ناوەکەی کە واتەی خوێ و خورما دەگەیەنێ، ئاماژە بە دەوڵەمەندییە سەرەکییەکەی دەکات. خوێیەکانی و سەرچاوەکانی نەوتی، وێڕای ئەوەی کە بەشێوەیەکی ناتەواو دەرهێنراون، لەبەرچاوگرتنێکی نوێی بە ناوچەکە بەخشیوە، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەشداری لە زیادکردنی خورما و هەموو چەشنە میوەکان دەکات، کە بە زۆری بەرهەمی دەهێنن و لەوانە دەبێ ئاماژە بە جۆرێك زەیتوونی نایاب بکەین.

تازەخورماتوو نشینگەی مودیر، بەڕێوەبەری ناحیە و باجگرەکانیەتی. بەگوێرەی ئامارە ڕەسمییەکانی تورك، ژمارەی دانیشتوانەکەی ١٧٥٠ کەسی لە ڕەگەزی نێرە، ٧٥٦ ماڵ، ٢١ مزگەوت، قوتابخانەیەکی ئیسلامی، ٣ خان یان ئۆتێل، ٩٦ فرۆشگا و دووکان، ٣ قاوەخانەی تورکی، ٤٠ باخچە و بێستان، ٧ ڕەنگساز، ٢٥ ئاسیاو و ٢٠٠٠ کێڵگەی کشتوکاڵی.

**زمانەکان**- ئەو زمانانەی کە لە هەمووان زیاتر بەکاردەهێنرێن لەم قەزایە: لە کەرکووك، تورکی ئاسایی (بازاڕی) و کوردی، جگە لەوە لە گوندەکاندا زمانی عەرەبی و کلدانی ئاسایی (بازاڕی) یش بەکاردەهێنرێن.

خەڵکی ئەم ناوچەیە بەوە ناسراون کە حەزیان لە خواردنەوەیە بە تایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا.

**قەزای ئەربیل ( ئەربیلا )**

قەزای ئەربیل دوو ناحیە و ٣٣٠ ئاوایی دەگرێتەوە.

ئەربیل Erbil جاران ئەربیلای ئادیەبینی ڕۆژهەلات و لە ئاشووریدا ناوەکەی لە سەرکەوتنی ئەسکەندەر بەسەر داریۆش سالی ٣٣١ ی پێش زایین هاتووە.

ئەم شارۆچکەیە، مەلبەندی قەزایە و لە ٨٠ کیلۆمەتری ڕۆژهەلاتی مووسلەوەیە.

ژمارەی دانیشتوانی قەزای ئەربیل ١٢٠٠٠ کەسە بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| موسلمان | ١١٦٠٠ |
| جوولەکە | ٤٠٠ |
| سەرجەم | ١٢٠٠٠ کەس |

وەك كەركووك و زۆر شاری دیكەی ناوچەكە لەناو جەرگەی ئەم بەشەی ئاسیای بچووكدا، ئەربیل هەر هیچ نەبێ لە لای باكوورەوە، لەو جێگەیەی كە جاران قەلاكەی لێ بووە كەوتۆتە سەر گردێكی دەستكردەوە. لە باشووری ئەم گردە خۆلینە كە بەسەر خۆلێكی پێكەوەیە كە لێژاییە خێرایەكەی بە گژ و گیا داپۆشراوە، شارەكە بەرەو دەشتایی هەلدەكشێ، كە دەبینین جاران شوێنێكی گەورەی داگیر كردووە. لەم لایەوە چەندین كەلاوە و بورجێكی چوارگۆشە، كۆنە منارەی دەورانی خەلیفەكانی بەغدای لێیە. بەشی سەرووی شار، دیواری كۆنی بە خشتی زۆر ئەستووری بەدەوردا هاتووە كە بەرزییەكەی ١٥ مەترە و ئێستەكە قایمقام، حاكمی قەزاكە و بنەمالەی كۆنە شارییەكان داگیریان كردووە. لە كاتی هێرشی مەگۆلەكان ئاپۆرەیەكی نەستوورییەكان و یەعقووبییەكان هاتوون پەنایان بردۆتە بەر ئەربیل، بەلام ئەمانە نەیانتوانی ڕێگە لەوە بگرن ئەم شارە داگیر و تالان نەكرێ. پاتریارشی نەستوورییەكان دەنحا(١٧) كلێسەیەكی لە ئەربیل لێ دروست كرد. كلدانییەكانیش كلێسەیەكی تریان بە ناوی كلێسەی مار بەهنام (١٨) دروست كرد. ئەمڕۆ ئێستەش لەسەر دیوارەكانی قشلە Kichla (بنكەی سەربازی) ئەم شارە چەندین نووسراوی كلدانی ماوە كە لەسەر دیوارەكانی هەلكەندراون.

بەشی خوارووی شارەکە پێی گوتراوە کوترەك(١٩) ، بازرگان و کشتوکاڵکارەکانی تێدا دەژیان. سەرلەبەری ئەربیل، بەگوێرەی ئامارە رەسمییەکانی تورك ٣٢٦٠ موسڵمان، ٤٩٧ غەیرە موسڵمانی تێدایە.، ١٨٢٢ ماڵ، ٢ مزگەوت و ١٠ *مەسجد* یا شوێنی نوێژکردنی موسڵمانانی تێدایە، ١٦ قوتابخانە.، یەك سەرا یا کۆشکی حکومەت، ناوەندێکی پاسەوانی، ٦٣٧ دووکان یا بازاڕ، ١١ قاوەخانەی تورکی، ٨ باغ و بێستان و ١٥٤٨ کێڵگەی کشتوکاڵی تێدایە.

بەگوێرەی M. Place بەهیچ شێوەیەك ئەوە نەسەلمێندراوە کە ئەربیلی ئێستاکە ئەو شارە ئاشووری و ئێرانییە کۆنە بێ کە داریۆش ئازووقە و ئیمداداتی خۆی تێدا کۆکردبێتەوە و ناوەکەی لە سەرکەوتنی ئەسکەندەرەوە وەرگرتبێ. ئەو گردە دەستکردەی کە ئەربیلی ئێستەکەی لەسەر بونیات نراوە بەگوێرەی بۆچوونی ئەو لەچاو ئەوە کارێکی مۆدێرنە کە تەنانەت مێژووەکەی ناگاتەوە سەردەمی ئێرانییەکانیش. رەوشی پێویست بۆ شارێکی ئاوا گرینگی وەك ئەربیل کە بۆتە کەلاوە، وەك ئەو دەڵێ ئەربیل کەوتۆتە سەر گردێکی دیکە کە چەند فەرسەخێك دوورتر کەوتۆتە باشووری رۆژئاواوە کە پێی دەڵێن تەلی شەمانیش(٢٠) کە چەندین پشکنینی تێدا کراوە و ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە شارێکی گرینگی ئاشووری لەوێدا هەبووە. هەرچی سەبارەت بە ناوی ئەربیلە کە بە شاری ئێستەکەی دەڵێن، ئەم ناسنامەیە هیچ ناسەلمێنێ، چونکە ناوە گرینگەکانی شوێنەکانی ئەم بەشەی ئاسیای بچووك لە هەمان کاتدا دیاردی بۆ دەر و ناوچەکانی دەوروبەریش دەکەن و رزگاربووەکان بە گشتی لەو شارانەی کە ناوچەکەیان پێ بەخشیوە، ئەم ناوانە دەشێ دواتر بگوازرێنەوە بۆ شارەکانی زۆر تازەتر دروستکراو، وەك ئەمە بەڕاستی لەگەڵ ناوی شارەزوور ڕووی دا کە ئەمڕۆ ناوەکە بە کەرکووك بەخشراوە.

لە دوا دواییەکەی ساڵەکانی سەدەی سێزدەهەم لە دەورانی دەسەڵاتدارێتی پادشایەکانی مەغۆل، بەیدوو و قازان، دانیشتوانە مەسیحییەکانی ئەربیل تالآوی زۆریان چەشت. لە ساڵی ١٢٩٦ بەشی بە پیت و فەڕی شارەکە کە لەژێردەستی مەسیحییەکاندا بوو لەلایەن چەتە عەرەب، کورد و مەغۆلەکان داگیرکرا. ئەبرەهامی ئارشەڤێك، پیرەی ڕێزلێگراو و چاونەترس لەگەڵ پیاوانی

ئايينى و باوەڕدارەكانى گيران.، هەندێكيان قەتڵ و عام كران و هەندێكيشيان فرۆشران. لە ساڵى ١٣١٠ لە دەورانى حوكمڕانى ئۆلدجاتووى(٢١) ، جێگرەوەى قازان(٢٢) ، مەسيحييەكانى ئەربيل لە لايەن عەرەبەكان لەناوبران. ئەوە لەو سەردەمەوەيە ئەربيل ئيدى چيتر وەك شارێكى مەسيحى نەماوەتەوە و ئيدى ئەمە مێژووى داڕمانيەتى و ئەمڕۆ هيچ مەسيحييەك لەو شارەدا نەماوە.

ئەربيل لەسايەى شوێنە تۆپۆگرافييەكەى لە نێوان ناوچەى پێدەشت و چيادا، چەند پێوەنديێكى بازرگانى پاراستووە. كورد، توركمان و عەرەب بە كاروانى فرە دەگەنە شارەكە و بەرهەمەكانيان دێنن بۆ فرۆشتن يا بۆ گۆڕينەوە بەرامبەر كەرەسەى خواردەمەنى ديكە.

عەنكاوە بە نزيكەيى كەوتۆتە چەند كيلۆمەترى ڕۆژئاواى ئەربيل، ئاواييەكى ٢٥٠ بنەماڵەى كلدانييەكانە، چەندين قوتابخانە و ٧ قەشەيان هەيە. زۆربەى خەڵكى گوندەكە جووتيارن. كارا لە كاركردن چاكترين پێوەندييان لەگەڵ باشترين بەشەكانى پێدەشتدا هەيە، و ئاواييەكەيان بۆتە كۆگەى وڵات.

لەو شوێنەى كە زێى گەورە دەبڕين بۆ ئەوەى بگەينە ئەربيل، گوندێكى ئێزيدييەكانى لێيە ناوى زيوەيە(٢٣) كەوتۆتە سەر لێوارى زۆر بەرزايى ئەولاى ديكەى ڕووبارەكە كە، لەوێوەوە بۆ مووسڵ نزيكەى ٥٥ كيلۆمەتر دەبێ.

## قەزاى ڕانيە

ئەم هەرێمە ٤٥ ئاوايى و دانيشتوانێكى سەرلەبەرى ٥٠٠٠ كەس دەگرێتەخۆ.

دەسەڵاتكارانى بەڕێوەبەرى، بريتين لە قايمقام، ياريدەدەرى حاكمڕانى قەزا، ئەنجومەنێك وەك پێكهاتەى ئەنجومەنى ويلايەت و سنجاق بەشدارى لە بەڕێوەبردنى ناوچەكە دەكات.، قازى، موفتى، باجگر، كارمەندێكى حيسابات، كارمەندێكى بارى شارستانى و كارمەندێكى دەيەك.

لە ڕانيە دادگايەكى پلە يەكى لێيە. دانيشتوانى ئەم قەزايە زۆرينەيان خەريكى كشتوكاڵى ناو كێڵگە و بەخێوكردنى ئاژەڵدارين.

## قەزای ڕەواندوز

ئەم قەزایە ٣ ناحیە دەگرێتەوە، ٥٥ ئاوایی هەیە، لەگەڵ دانیشتوانێکی سەرلەبەری ١٠٠٠٠ کەس، بە سەرۆکی ناوەندی قەزاشەوە. دەسەڵاتکارانی بەڕێوەبەری بریتین لە قایمقام، یاریدەدەری حاکمڕانی قەزا، ئەنجومەنێك لەسەر شێوەی هەموو ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبەری کە بەم شێوەیە ناوچەکە بەڕێوە دەبەن.، قازی، موفتی، باجگر، بەڕێوەبەرێکی موحاسەبە، کارمەندێکی باری شارستانی، بەڕێوەبەرێکی پۆستە و تەلەگراف، باجگرەکان، کارمەندەکانی دەیەك، دامەزراوە و پزیشکی کەرەنتێنە.

لە ڕەواندوز دادگایەکی پلە یەك و شارداری لێیە. ئۆردووی ڕەواندوز پێك دێت لە چوارەم بەتالیۆنی فیرقەی ٤٦ەم، لەژێر فەرمانی ڕائیدێکی سەربازی.

ڕەواندوز، ناوەندی شارۆچکەی ئەم قەزایەیە، نشینگەی قایمقامە. ئەم شارە دانیشتوانەکەی ٤٠٠٠ کەسە. قوتابخانەیەکی ئیسلامی لێیە. دامەزراوە گشتییەکانی بریتییە لە ٤ مزگەوت.، بەڵام لەناو شار خۆی و دەوروبەریدا پاشماوەی قەڵای مکوم و کۆشك گەلێکی کۆنە بەگ و ئاغایەکانی ناوچەکەی لێیە.

**ئاووهەوا، کشتوکاڵ**– ئاووهەوای ڕەواندوز پاکە.، کەشەکەی ساردە. قەزاکە چیاییە.، کەچی گەنم، جۆ، برنج و تووتنی لێ دەچێندرێ، بەڵام بەرهەمی سەرەکی بریتییە لە ترێ، درەختی میوە و گژوگیای بەهارات، داربەڕوو ( بەڕووی مازوویی) کە گوێزی گاڵ بەرهەم دەهێنێ.، بەڕوو بۆ پێستە خۆشکردن، سماق (ڕۆنی تەرەبەنتین)، کە لە پزیشکەوانی بەکاری دەهێنن بە تایبەت لە پیشەسازیدا.، دارقەزوان، بادەم، قەیسی... هتد. دانیشتوان هەموویان موسڵمانن بەدەر لە ژمارەیەکی زۆر کەمی جوولەکە، کە زیاتر خەریکی باخچەوانین. جگە لە چنینەوەی گوێز و سماق، بنێشتیش کۆدەکەنەوە کە لە بڕێك لە درەختەکان دێتە دەرەوە.

**ئاوی کانیاوە گەرمەکان**– لە دوو سەعاتە ڕێی شاری ڕەواندوز، کانیاوێکی گەرم هەیە کە زۆر سەردانی دەکرێ. هەروەها زۆر سەردانی سەرچاوەیەکی گۆگردی، لە نزیك ڕەواندوز دەکرێ.

**چـیایەکان–** زۆر دوور نـا چـیایەك هەیـە کـە بـەر لـە شـەش سـاڵ بـە تەقینەوەیەکی لەناکاوی بورکانی بۆ دوو بەش جیای دەکاتەوە. لەم کاتەوەی ئەم یەکەم نمایشە، بورکانی نویْ بەوەندە دەستبەردار بووە کـە نـاوە نـاوە لـە برِیْك بەشی هەمان ئەم چیایەدا کەرەستەگەلی سووتاو فریْ بـدات، جـۆرە خـاکیْکی زۆر بریسکەدار هەیە، کە تا ئیْستە ئەو هیْندە پیْویست بایەخی پیْ نـەدراوە بۆئـەوەی بزانریْ بە کەلکی چی دیْت.

# SANDJAK DE CHEHRIZOR (KERKOUK)

---

**Orientation.** — Le sandjak de Chehrizor est situé à l'est de celui de Mossoul. A l'est, il a pour limites la Perse et le sandjak de Suléïmaniêh et au sud le vilayet de Bagdad. Par le nord, il touche au sandjak d'Hekkiari (vilayet de Van).

**Divisions administratives.** — Ce sandjak est divisé administrativement en 6 cazas, et comprend 12 nahiés avec 1,150 villages, comme suit :

| CAZAS | NAHIÉS | VILLAGES |
|---|---|---|
| KERKOUK (merkez-caza)... | Altun-Keupru. — Malha. — Chivan. — Touz-Khourmato. — Kil-Daouda.. | 310 |
| Erbil (Arbelles)......... | Sultaniêh. — Kouch-tepé........... | 330 |
| Raniêh................. | (Sans nahié).................. | 45 |
| Révandouz.............. | Baradost. — Balyk. — Déïra......... | 53 |
| Salahiêh-Kifri........... | Kara-tapa...................... | 252 |
| Koï-Saudjak............. | Doukhan....................... | 158 |
| 6 cazas | 12 nahiés | 1,150 |

**Population.** — La population du sandjak de Chehrizor est en totalité de 89,000 habitants. Elle est répartie entre les 6 cazas, comme suit :

## پەراوێزەکان:

(1) Béit-Djerma
(2) Badjerma
(3) maison des ossements
(4) Mennis
(5) Saint-jean d’Acre
(6) Corrcura

(٧) مەبەست لە تورکمان لێرە، ڕەعیەتی دەوڵەتی عوسمانییە، نەك ئیتنیی تورکمان بە تەنیا، وەرگێڕ

(8) Mizaël
(9) Auanie
(10) Azarias
(11) Mar-Tamas-ghar
(12) Quinte Curce
(13) Béit-Seleq d’Assemani
(14) Cherchenenesis
(15) Béit-seleucesio
(16) Malha
(17) Denha
(18) Mar-Behnam
(19) Kotrak
(20) Tell-Chémpinich
(21) Oldjaitou
(22) Gazan
(23) Zaoua

## سەرچاوە:

Cuinet Vital, *La Turquie d'Asie: géographie administrative, statistique, descriptive et raisonnée de chaque province de 'Asie-Mineure*, Paris, 1890, p : 847-860

# سنجاقەکانی
# شارەزوور (کەرکووك) و سلێمانی
# لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا

**نووسینی: ڤیتال کیونێ**
**وەرگێڕانی لە فڕەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا**

**( بەشی دووەم )**

## پێشباری وەرگێڕ

ئـەم باسـەی ئێـرە بەشـێکە لـە کتێبێکـی فڕەنسـایی بـە نـاوی (تورکیـای ئاسیەوی: جوگرافیای کارگێڕی)، کە ساڵەکانی ١٨٩٠–١٨٩٥ لە پاریس، بـە چـوار بەرگی گەورە لەلایەن ڤیتال کیونێ بڵاو کراونەتەوە. ئەم کتێبە بـاری جـوگرافی و ئاماری زۆر وردی تێدایە لەبارەی سـەرلەبەری ویلایەتـەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی. بەشی زۆری بەرگی دووەمی ئەم کتێبە، کـە (٨٧٥ لاپەڕەیـە) تـەرخان کـراوە بـۆ ویلایەتە کوردییەکانی عوسمـانی و لـەم بەرگـەدا زانیـاری و ئامـاری ورد لـەبارەی سەرجەم شار و شارۆچکە و هەرێم و ویلایەتە کوردییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لـە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم بەدەستەوە دراون، کە بۆ مێژوونووسیی کـورد زۆر گـرنگ و پـڕ بایـەخن. لـە ژمـارە (٢٤) ی (**گۆڤـاری ئـەکادیمیای کـوردی**) بەشـی یەکـەمی ئـەم وتارەمـان بڵاوکـردەوە، کـە تایبـەت بـوو بـە سـنجاقی شـارەزوور (کەرکووك) و وا لەم ژمارەیشدا لە بەشی دووەمی وتارەکـەدا، ئـەوەی تایبەتـە بـە قـەزاکانی: کۆیسـنجاق، شـەقڵاوە، سـەڵاحییە و قەرەتەپـە و هـەروەها سـنجاقی سلێمانی ڕاستەوخۆ لە فڕەنسییەوە دەکەینە کوردی.

## قەزای كۆیسنجاق

قەزای كۆیسنجاق كەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی پێدەشتەكانی ئەربیل. ئەم قەزایە یەك ناحیە و ٢٥٢ ئاوایی هەیە.

**دانیشتوان:**

دانیشـتوانی گشـتیی قەزاكـە بریتییـە لـە (١٨٠٠٠) كـەس بـەم شـێوەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| موسڵمان (كورد) | ١٧٤٤٠ كەس |
| كریستیان (كلدانییەكان) | ٥٠٠ كەس |
| جوو | ٦٠ كەس |
| ——————— | |
| كۆی گشتی | ١٨٠٠٠ كەس |

كۆیسنجاق، ناوەندی قەزایە، نشـینگەی ڕەسمیـی قایمقـام و دەسـەڵاتدارانی بەڕێوەبەرایـەتی قەزاكەیـە، شارۆچـكەیەكی بچـووكە و كەوتۆتـە ئەوپەڕەكـەی پێدەشتێكی جوان، لە دامێنی كۆشكێكی بەهێزەوە.

دانیشتوانی قەزاكە بـە ژمـارەی وردییـەوە لـەم قەزایـە (١٠٠٠٠) كەسـن بـەم شێوەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| موسڵمان (كورد) | ٩٦٤٠ كەس |
| كریستیان (كلدانییەكان) | ٣٠٠ كەس |
| جوو | ٦٠ كەس |
| ——————— | |
| كۆی گشتی | ١٠٠٠٠ كەس |

ئاووهەوای ئەم شارە و دەوروبەری زۆر (تا) دارە و ئاووهەوای لە هاویندا زۆر ساغ نییە. لە دەوروبەری شارەكە بڕێك باخچەی تا ڕادەیەك سەوزی لێیە.

دەســـەڵاتدارانی کۆیســـنجاق بـــریتین لـــە: قایمقـــام، جێگـــری قایمقـــام، ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەرایەتی بە هەمان ئەو پێکهاتەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێکرد بەشداری تێدا دەکەن، قازی، موفتی، باجگر و سێ کارمەندی حیسابات، کارمەندی باری شارستانی و باج. ئەم شارۆچکەیە شارەوانییەك و دادگایەکی پلە یەکی لێیە.

لە شەش کیلۆمەتری دەوروبەری شاری کۆیسنجاق ئاواییەکی بچووك بەناوی هەرمۆتە هەیە: ئـەوە بـاغی عـەدەنی وڵاتەکەیـە. لـەوێ لـە کـەناری جۆگەلەیـەکی بچکۆلە، دارودرەختێکی چڕ، کە هەموو چەشنە دارێکی بە بەری لێیە و بە تایبەتی دار هەناری تێدا ڕواوە، کە لەوەوە ناوی هەرمۆتە بـە بـەر گوندەکـەدا بـڕاوە. ئـەم ناوچەیە هەتا بەر لە ماوەیەك سەرلەبەری دانیشتوانەکەی کریستیان بـوون، بـەڵام ئاغـا کوردەکـانی قەزاکـە دەسـتیان بەسـەر ئـەم پارچـە جوانـەدا گـرت و ژیـانی دانیشتوانەکەیان تاڵ کرد.

وەك ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کـەلاوەی دێـر و کڵێسـەی لێیـە، کـە ئێمـە لـە هەموو لایەك تووشی بووین، ئەوە دەسەلمێنن کە دانیشتوانی ئەم دەر و ناوچـەیە بەر لەوەی ببنـە موسـڵمان کریسـتیان بـوون و شـوێنیان بـۆ موسـڵمانەکان چـۆڵ کـردووە، کـە ئـەوە شیمانەی کـەمترە، چـونکە ئێمـە ئـەوە دەزانـین، یـان بـەلای کەمییەوە ئەوە بیروڕای گشتییە، کە کوردەکان لـە بنچـینەی کاردۆخـەکانن و لـەو ئەنجامەشدا خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەن. ئەمڕۆکە، هـەموو موسـڵمانن، کوردەکـان بەنزیکەیی تەواوی دانیشتوانی ناوچەکە پێك دەهێنن. دابەشی سـەر چـەندین هـۆز دەبن کە هەر یەکێکیان لە لایەن سەرۆکێکەوە سـەرۆکایەتی دەکـرێ کـە هەمیشـە لـەنێوان خۆیانـدا لـە شـەڕ و جەنگـدان. هـۆزە سـەرەکییەکان بـریتین: لـە مـیر مەحمەلی، میر ئاسۆیی و پاشتاغی.

کریستیانەکان هەموویان سەر بە مەزهەبی کلدانین *.

**ئاووهـــەوا**: ئاووهـــەوای کۆیســـنجاق بەشـــێوەیەکی گشـــتی ســـاردە، بـــەڵام ئاووهەواکەی پاکە، جگە لەناو شارەکە خۆی نەبێت.

**کشتوکاڵ**: هەرچەندە خاکەکەی زۆر بە پیتە، بەڵام بەرهـەمی کشـتوکاڵی بـە ئاستەم بەشی دانیشتوانەکەی دەکات. بڕێك جار لە کاتی قاتوقڕیدا چـەندین جـۆر

نۆك دەچێنن کە لەگەڵ ڕۆناس[1] بەهەڵە تێکەڵ دەکرێن، وێڕای ئەوەی کە ئەم درەختانە کەم لەیەك دەچن. لە دەورانی ئاساییدا، لە پێدەشتەکاندا برنج، پەمۆ، تووتن و جۆرە پاقلەیەك بەناوی ماشەوە[2] دەچێنن. لەناو چیاکاندا درەختگەلی بەردار دەچێنن.

## شەقڵاوە

شەقڵاوە، ناوەندی ئیداریی ناحیەیەکە بەم ناوەوەیە، کەوتۆتە ١٢ کاتژمێری ڕۆژهەڵاتی ئەربیلەوە.

دانیشتوانەکەی ژمارەیان (١٥٠٠) کەسە بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| موسڵمان (کورد) | ١٠٥٠ کەس |
| کریستیان (کلدانییەکان) | ٤٠٠ کەس |
| جوو | ٥٠ کەس |
| کۆی گشتی | ١٥٠٠ کەس |

دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی تایبەتی خەریکی ڕەزەوانی و درەختگەلی میوەدارن. یاقووت ناو و شۆرەتی بەناوبانگی ترێیەکانی ئەم شارۆچکەیە باس دەکات. شوێنی شەقڵاوە لە وەرزەکانی هاویناندا بە سێبەری زۆر و جۆگەلە سازگارەکانی، شتێکە نایاب. لەوکاتەوە کە میوەکان پێدەگەن، خەڵکەکە گوند جێدەهێڵن بۆ ئەوەی بچنە باغ و باغاتە فراوانەکانی دەوروبەری شارەکە، لێرە دەست دەکەن بە دروستکردنی نەوای لقەداران ، کە بە کلدانی پێی دەڵێن کوپرانە[3] کە تاوەکو پایز تیایدا دەمێننەوە بۆ ئەوەی میوەکان لە دزان بپارێزن. قەشەکان زیاد لەوە، یەك کابینی زۆر فراوان دروست دەکەن، کە تەنها بۆ ڕێوڕەسمی پەرستن بەکاردەهێنرێن. خێزانەکان دێن بۆ ئەوەی تێیدا بەشداری لە ڕێوڕەسمی ئایینی، لە نوێژ و ئەرکە خوداییەکاندا بکەن. بەڵام وەك ئەوەی دانیشتوان دەڵێن ئەم بەهەشتە کە بە بەهەشتی عەدەن دەچێت: شەیتان دێتە ناویەوە و هەموو خۆشییەکیان لێ دەکات بە تاڵی. قەڵەمڕەوی کورد زۆر بە

قورسی و لە هەموو لایەکەوە باڵی بەسەر ئەم وڵاتەدا کێشاوە. میرێکی بەهێز نشینگەکەی لە شەقڵاوەیە و گەرچی لەڕووی پرەنسیپەوە دان بە دەسەڵاتی حکوومەتدا دەنێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە میری کوردە، کە حوکمڕانی ناوچەکە دەکات و لە ڕێگەی ئاغا و سەییدەکانی خۆیەوە دەیانچەوسێنێتەوە و بە جێیان دەهێڵن و ڕێگە دەدەن هەزاران تاوانی تێدا دەکەن، بە بێ ئەوەی هیچ کەسێك زاتی ئەوە بکات لە دادگاکان سکاڵایان لەسەر تۆمار بکات. ڕاستییەکەی، بۆ یەك کەس کە بویسترێ لە ڕێگەی دادگاوە تۆڵەی لێ بسەنرێتەوە، خەنجەر بەدەستە کوردەکان چواری دیکە دەکەنە قوربانی.

**سەرنجدانە مێژووییەکان و وەسفی شارەکە:** دیمەنی شەقڵاوە زۆر جوانە. لە بناری چیایەکی بچووکی پڕ دارودرەخت دروستکراو، بانیژەیەك پێکدەهێنێت، ئەو گەڕۆکانەی کە لە لایەکەوە تەماشای دەکەن وا بەدیار دەکەوێ کە ئەم بانێژەیە بە دەستی مرۆڤ دروست کراوە، کە ئەمە شتێکە لەم بەشانە زۆر ئاساییە کە نیشانەی دەورانی کۆن بەدەستەوە دەدات. لاکانی رۆژهەڵات و باکوری ناحیەکە چیا بەرزەکانی ڕەواندز و ئێران چەقیون، بەفرێکی هەمیشەیی داپۆشیوە و بناری ئەم چیایانە سەوزایی بە فراوانی داپۆشیوە و بە نۆرە لەگەڵ بارستگەلی دارودرەختی سەدان ساڵە.

دەگێڕنەوە کە شەقڵاوە لە دەورانی سولێمان پاشا(٤) دروست کراوە، هیچ شتێکی دیاریکراو پاڵپشتی ئەم ئەفسانەیە ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم واقیعە هیچ گەواهێکی نییە پێچەوانەکەی بلێ. هەرچۆنێك بێت، ئەوە دڵنیایە کە هەر هیچ نەبێت لانیکەم لە سەدە بەراییەکانی مەسیحییەتیدا هەبووبێت وەك ئەوەی ژمارەیەك دێر، کە بەناو چیاکان و پێدەشتەکان بڵاون ئەوە دەسەلمێنن. ئێمە مێژووی ئەم دێرانە نازانین، لەوانە کە دەبێت ئاماژەی پێ بدەین دێری بابان بایە(٥) ( قەشە یان خوداوەند بایە) و ئەوەی سانت گۆرگیسە(٦). ئەم دوو کۆنە شوێنەوارە لەناو دوو گاشە بەرد هەڵکەندراون. یەکەمیان پێکهاتووە لە کڵێسەیەك و خانەیەکی نەخشەسازیی نایاب. هەرچی ئەوەی دووەمە لە سێ نهۆم پێکهاتووە، دروستکردنەکەی زۆر سەمەرە و نائاسایی دادەنرێت، کە ناتوانرێت بچیتە یەکەم نهۆم، بەڵکو دەبێ لە نهۆمەکانی سەرەوە بۆی بچیت.

**قەزای سەلاحییە یان کفری**

ئەم قەزایە یەك ناحیە و (١٥٨) ئاوایی هەیە. سەرلەبەری دانیشتوانەکەی (١٤٠٠٠) کەسە.

سەلاحییە یان کفری، ناوەندی ئیداریی قەزاکە، نشینگەی ڕەسمیی قایمقام، جێگری قایمقام و دەسەلاتدارانی بەڕێوەبەرایەتییە، شوێنی چەندین خزمەتگوزاریی گشتی و گەورەترین شارە، کە لەنێوان کەرکوك و بەغدادا ببینرێت. کەوتۆتە ناو دۆڵێکی زۆر بە پیت، چەندین ڕووبار دۆڵەکە ئاو دەدەن و یەکێکیشیان بەناو شارەکەدا ڕەت دەبێت. دەروازەگەلی لە بەرد، لە ڕەوشێکی زۆر خراپدا، بەیەکگەیشتنەکانی نێوان چەندین شەقام ڕێکدەخات. کفری شیمانەی زۆر هەیە لەسەر شوێنی شارێکی گرنگی کۆندا دروست کرابێت، لە چەند کیلۆمەترێك لە باشوورەوە، گردێکی خۆڵی لێیە بەناوی تەل-شاهان(٧)، واتە گردی پاشایان، بە بێ گومان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارێکی کۆن. دانیشتوان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئەوە شارێکی کۆن بووە.

دەسەلاتکارانی بەڕێوەبەرایەتیی سەلاحییە یان کفری بریتین لە قایمقام، جێگری قایمقام، ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەرایەتی لەسەر هەمان شێوەی پێکهاتەی ئەنجومەنەکانی ویلایەت، سنجاق و قەزاکانی دیکەی لە پێشدا باسکراو، بەشداری بەڕێوەبردنی قەزاکە دەکەن، قازی، موفتی، باجگر، بەڕێوەبەری پۆستە و تەلەگراف و پێنج کارمەندی حیسابات، بەڕێوەبەرایەتی یارمەتییەکانی قایمقام، دامەزراوەکانی مزگەوتەکان، مالییەی گشتی و دائیرەی تووتن. ئەم شارە شارەوانییەك و دادگایەکی بەرایی لێیە.

**دانیشتوان:**

دانیشتوانی ئەم شارە بریتییە لە (٦٥٢٨) کەس بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| موسڵمان (شیعە) | ٦٤٤٨ کەس |
| جوو | ٨٠ کەس |
| کۆی گشتی | ٦٥٢٨ کەس |

خانووەکانی سەلاحییە یان کفری لە خشت دروست کراون. بەگوێرەی ژمارە ڕەسمییەکانی تورك قەزاکە: ١٠٨٨ماڵ، ٦ مزگەوت و ٣ تەکیە، ٢ قوتابخانە، یەك سەرا یان کۆشکی حوکمڕانی، ٢ حەمام یان گەرماوی گشتی، ٩ خان یان هۆتێل، یەك نووسینگەی تەلەگراف، ١٧٠ دووکان، ٤ قاوەخانەی تورکی، ٦ خومچی، ٣٥ ئاسیاو، ٣٠ باخچە و باغ، ٢٩٢ کێڵگەی کشتوکاڵی لێیە.

لە دەوروبەری سەلاحییە، کانێکی ڕەژووی لێیە کە لە لایەن حکومەتەوە دەردەهێنرێت.

**بەروبوومی کشتوکاڵی**: بەرهەمی سەرەکی کشتوکاڵیی ئەم قەزایە کە زۆر بە پیت و فەڕن بریتین لە: گەنم، جۆ، دارخورما و داری لیمۆ.

**قەرە تەپە**: قەرە تەپە:[٨] ناوەندی ئیداریی ناحیەیەکە بەم ناوەوە، دانیشتوانەکەی (٧٥٠) کەسن، هەموویان موسڵمانی شیعەن، واتە لە تایەفەی عەلین.

خەڵکەکەی بە چاندنی دانەوێڵە و بە دارخورما و لیمۆوە خەریکن.

## سنجاقی سلێمانی

**سنوورەکان**: سنجاقی سلێمانی لەنێوان ئێران لە ڕۆژهەڵات و سنجاقی شارەزوور لە ڕۆژئاوادا دەورە دراوە.

**دابەشکردنی ئیداری**: لە ڕووی ئیدارییەوە سنجاقی سلێمانی دابەشی سەر ٥ قەزا بووە و ١١ ناحیەی هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

| قەزایەکان | ناحیەکان |
| --- | --- |
| سلێمانی (ناوەندی قەزا) | سەرچناری ڕۆژهەڵات- سەرچناری ڕۆژئاوا- قەرەداغ-بیلگ ئودا [٩]. |
| بازیان | شەنگەسەر- کەلەك[١٠]-سپوکە |
| گولعەنبەر (هەڵەبجە) | قزلجە- سرۆچك |
| شارباژێر | ماوەت |
| مەرگە | پشدەر- سوورداش |
| ٥ قەزا | ١١ ناحیە |

**دانیشتوان:** دانیشتوانی سنجاقی سلێمانی بریتییە لە (٥١٦٠٠) کەس، کە بەم شێوەیە دابەشی سەر (٥) قەزا و(٣٥٣) ئاوایی سەر بە سنجاقەکە بوون:

| قەزایەکان | دانیشتوانی هەر قەزایەک | ئاواییەکان |
|---|---|---|
| سلێمانی (ناوەندی قەزا) | ٢٦٠٠٠ | ١٠٤ |
| بازیان | ٥٤٠٠ | ٥٤ |
| گوڵعەنبەر | ٧٠٠٠ | ٩٥ |
| شارباژێر | ٦٦٠٠ | ٤٠ |
| مەرگە | ٦٦٠٠ | ٦٠ |
| کۆی هەمووی | ٥١٦٠٠ | ٣٥٣ |

لە ڕووی ڕەگەز، ئایین یا کۆمیۆنیەتە، کۆی ئەم (٥١٦٠٠) کەسە زۆر بە نزیکەیی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوون:

موسڵمان ٤٨٦٠٠ کەس

مەسیحی ٩٠٠ کەس

جوو ٢١٠٠ کەس

سەرجەم ٥١٦٠٠ کەس

**مێژوو و وەسف** : زەویوزاری سنجاقی سلێمانی لە دەورانی کۆنەوە بەشێك بووە لە دەوڵەتی ئاشووری، کەوایە هیچ شتێکی زیادە نییە بخرێتە سەر ئەو مێژووە گشتییە کە لە سەرەوەدا یادداشت کراوە. ئەم هەرێمە جاران وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە ئەو هێندە گرنگ نەبووە. ئەم وڵاتە بە دیمەنە دڵڕفێنەکانی زنجیرە چیایەکان و بە پیت و فەڕی خاکەکەیەوە بەناوبانگە کە ئەگەر چاك بچێندرێت دەبێتە یەکێك لە دەوڵەمەندترین هەرێمی وڵاتەکە. ڕاستە دانیشتوانەکەی بە نزیکەیی هەر هەموویان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن، بەڵام بە بێ مشورخواردن و بە بێ میتۆد، بە ئامێری خراپ و ئامرازی سادە کار دەکەن.

## قەزایەکانی سنجاقی سلێمانی

**قەزای سلێمانی:** ئەم ناوەندی قەزایە (٤) ناحیە و (١٠٤) ئاوایی دەگرێتەوە.

**دانیشتوان:** سەرلەبەری دانیشتوانەکەی، بە دانیشتوانی ناوەندی قەزاکەشەوە (٢٦٠٠٠) کەسن.

**ناوەندی قەزا:** سلێمانی مەڵبەند و شوێنی موتەسەریف، حاکمی سنجاق و ناوەندی قەزایە، ئەنجومەنێکی ئیداری لێیە کە لە هەمان پێکهاتەی ئەوەی ویلایەتی کە لە پێشدا باس کراوە پێکهاتووە، بەشداری دەکەن. لە ناوەندی قەزا: موفتی، قازی، یەك خەزێنەدار، سەرۆکی موحاسەبە، بەڕێوەبەرانی پۆستە و تەلەگراف، بەڕێوەبەری قەرزی گشتی و باجگری تووتن، بەڕێوەبەری بوارەکانی لیستی سڤیل، مەکتووبچی، کارمەندەکانی باجگری ناڕاستەوخۆ[11] و پزیشکێکی قەرەنتینەی لێیە.

دوو دادگەی بەرایی لە سلێمانی هەیە، یەکێکیان سڤیل و ئەوی دیکەشیان دادگەی تاوانکارییە. یەك حاکمی گشتی و حاکمێکی قەزایی بەشداری تێدا دەکەن. شار لە لایەنی موتەسەریفەوە بەڕێوە دەبردرێت.

ئۆردووی سلێمانی لە یەکەم و دووەم بەتالیۆنی فەوجی ٤٥ –ەمینی هێزی سوارە و یەکەم و دووەم بەتالیۆنی فەوجی ٤٦–ەمین پێکهاتووە.

کامپی ژاندەرمری ئەم شارە بریتییە لە (٢) سریەی ژاندرمە، یەکێکیان پیادە و ئەوی دیکەیان سوارە، کە بە هەمووی (١٦) ئەفسەر و (٥٠) سوارە و (٨٠) پیادەن.

**دانیشتوان:** دانیشتوانی ناو شار و دەوروبەری (١٥٠٠٠) کەسن بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| موسڵمان (کورد) | ١٣٨٢٥ کەس |
| مەسیحی (کلدانی) | ١٧٥ کەس |
| جوو | ١٠٠٠ کەس |
| کۆی گشتی | ١٥٠٠٠ کەس |

**قوتابخانە:** لە سلێمانی جگە لەو قوتابخانانەی کە لە گەڕەکەکاندا سەر بە مزگەوتەکانن، قوتابخانەیەکی ڕوشدیەشی لێیە. بەڵام مەسیحییەکان و جووەکان قوتابخانەیان نییە.

دەتوانین جگە لەو بینایانەی کە بۆ پەرستنی هەمەچەشنە تەرخان کراون، باسی (٤٠) مزگەوت، یەك کڵێسەی بچووکی مەسیحییەکان و یەك سیناگۆگی بچووك و دوو بینایەی دیکەی تاڕادەیەك گرنگ ئاماژە پێ بدەین: کە ئەوانیش سەرای حکومەت و ئۆردووخانەن.

پێدەشتی سلێمانی لەنێوان دوو زنجیرە چیادا درێژ دەبێتەوە. شارەکە کاتێك لە کەرکووکەوە دێین، لە ناوەڕاستی دارستانێکی بچووکی پڕ درەختی سەوز هەڵکەوتووە. سلێمانی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێشوو بەم شێوەیە هیچ پاشماوەیەکی کۆنی تێدا نابینین. هەموو ماڵەکان وەك ئەوەی لەناو گوندێکی سادە بن بە خشت دروست کراون. ئەم شارە جۆرە کۆگەیەکی بازرگانییە لەنێوان تورکیا و ئێران. یەکێك لە بەرهەمە هەرە پڕ فرۆشەکان جاو (کەتیرە)یە، کە کاروانەکان لە ئێرانەوە بە بڕی زۆر دەیهێنن، بەڵام لە ناو وڵاتیشدا کۆی دەکەنەوە بە ناوی کەتیرە. ئاو و هەوای لە هاوینان ناوەندییە، شارەکە لە شوێنێکی دڵگیرە و ئاوێکی زۆری تێدایە کە ئەمە وای کردووە هەر ماڵێك باخچەیەکی دار و درەختی بە بەر و حەوزێکی لە ناوەڕاستە کە ئاوەکەی هەموو شەوێك نوێ دەبێتەوە. ئەم ئاوە زۆرەی سلێمانی بە ڕێگەیەکی دەستکرد لە ڕێگەی سیستمێکی تایبەتی بە پێچەوانەی ئەوەی هەولێر و کۆیسنجاق بەرهەم دێت. ئەم سیستمە بریتییە لە هەڵکەندنی ژمارە بیرێك کە لە قووڵاییدا یەك دەگرنەوە. بەم شێوەیە بیرێك دەڕژێتە ناو ئەوی دیکە و دواجار لە هەموو ئەو ئاوانەی کە کۆدەبنەوە، بڕە ئاوێکی بەقەد ڕووبارێکی ڕاستەقینەی لێ دەکەوێتەوە. ئەم جۆرە بیرانە پێیان دەوترێت کارێز[١٢].

دانیشتوانە موسڵمانەکانی سلێمانی هەمان داب و نەریتی کوردەکانی دیکەیان هەیە و لە ئەنجامدا هاوسۆزییان بۆ مەسیحییەکان کەمە، ئەوەی کە ژمارەی کەمی ئەمانەی دوایی لێك دەداتەوە. لە لایەکی دیکەوە، مەسیحییەکان کە لە لایەن قەشەکان بەڕێوە دەبردرێن کە سەر بە مەترانی کلدانی سنەیە و

بارەگەکەی کەوتۆتە ناو ئێران و حەوت ڕۆژە ڕێ لە سلێمانی دوورە ، هەرگیز ناتوانن پشت بە سەرۆکی خۆیان ببەستن بۆ ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکات، بێئەوەی حسابکردنی ئەوەی کە ئەم مەترانە، فەرمانی لە لایەن شای ئێرانەوە بۆ دێت نەوەکا سوڵتانی عوسمانی، دەسەڵاتدارانی عوسمانی بە هیچ شێوەیەك بە هانایانەوە ناچن.

کۆمەڵێك پیشەسازی سلێمانییان ئاوەدان کردووەتەوە بە تایبەت خوری چنین، خومچی و (چەقماقچی) واتە دروستکردنی جۆرە دەمانچەیەك کە لە هەموو سنجاقەکە و سنجاقی شارەزووریش داوای دەکەن.

**زمان:** زمانی قسەکردن سەرلەبەری لەم شارەدا کوردییە، بەڵام عەرەبی بازاڕی، کلدانی و کەمێك تورکییش قسەی پێدەکرێ بە تایبەت لە پێوەندییەکان لەگەڵ حکومەت و دامەزراوە گشتییەکانی دیکە بەکاردەهێنرێ.

**ئاووهەوا:** ئاووهەوای ئەم قەزایە بە گشتی ساغە، پلەی گەرما ساردە، خاك لە بەشە چیاییەکاندا زۆر بە پیتە، بەڵام زەویوزارێکی زۆر و بەر بڵاو بەجێ هێڵدراون و لەبەر کەمی دەستی کار بە بەیاری ماونەتەوە.

**بەرهەم:** بەرهەمەکانی دەشت بریتین لە گەنم، جۆ، برنج، توتن و لای عەرەبەکان گەنمە شامی. لە چیایەکاندا کشتوکاڵی سەرەکی بریتین لە دار مێو، لیمۆ و هەنار و درەختی دیکەی میوە.

## قەزای بازیان

ئەم قەزایە (٢) ناحیە و (٥٤) ئاوایی هەیە و ژمارەی دانیشتوانەکەی بەسەریەکەوە (٥٤٠٠) کەسە.

بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی بریتین لە قایمقام (بەڕێوەبەری قەزا)، ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەری بە هەمان ئەو پێکهاتەی کە پێشتر لە پێشەوەدا ئاماژەی پێکراوە بەشداری دەکەن: قازی، خەزێنەدار و فەرمانبەرێکی موحاسەبە.

لە مەڵبەندی قەزادا یەك دادگەی بەرایی و یەك ئەفسەری ژاندرمری لێیە.

دشامشامان[١٣] یان چەمچەماڵ مەڵبەندی قەزای بازیانە و کەوتۆتە سەر سنوورەکەیەوە لە لای کەرکووکەوە. تەواو هاوسێی نزیکی دەربەندە چیاییێکی

بچووك، کە بە ناو تونێلێکدا دەڕوات و وا پێدەچێ بە دەستی مرۆڤ هەڵدڕابێ کاروانەکانی پێدا تێپەڕ دەبێت. لەم ئاوایییەدا کۆشکێك بۆ حاکم، ئۆردوویێك، مزگەوتێك و تەلگرافخانەیەکی تێدایە. لە قەزای بازیان کە دەکەوێتە نێوان شارەزوور و سلێمانی، لە پێدەشتێکی بە پیت بەڵام کەم چێندراو کە هەمەوەندەکانی لێ دەژین، ئەو عەشیرەتەی کە جاران هەر خەریکی ڕاووڕووت بوون، وەك چۆن لە سەرەوەدا بە درێژی بینینمان. ئەمڕۆ خەڵکەکەی بە تەواوی سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین.

### قەزای گوڵعەنبەر

ئەم قەزایە بریتییە لە (٢) ناحیە و (٩٥) ئاوایی.

سەرلەبەری دانیشتوانەکەی بریتییە لە (٧٠٠٠) کەس. هەڵەبجە مەڵبەندی ئەم قەزایە شوێنی نیشتەنی پاشا، سەرۆکی هۆزی کۆچەری کوردی جافە.

دانیشتوانی ئەم شارە نزیکەی (٣٠٠٠) کەسە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| | |
|---|---|
| موسڵمان | ٢٠٠٠ کەس |
| جوو | ١٠٠٠ کەس |
| کۆی گشتی | ٣٠٠٠ کەس |

دانیشتونی ئەم شارە و هەروەها ئەوەی باقی قەزایەکە سەرلەبەری موسڵمانن، تەنها وەرزێرن.

پاشماوەکانی شارەزوور (سیازۆرۆس)[١٤] کۆنە پایتەختی کوردستان، کە سەرەتا پێیان دەگوت شەهر-فەیرۆز[١٥] بە ناوی دامەزرێنەرەکەیەوە قوباد کوڕی فەیرۆز، لە بنەماڵەی ساسانی، کەوتۆتە قەزای گوڵعەنبەرەوە. لە قووڵایی خەرەندەکەوە کە شارەزوور دەیپارێزێ، ئەشکەوتێکی بەناوبانگی لێوە دەبێتەوە کە بە ناوی ئەشکەوتی جادووبازی شین[١٦] بەناوبانگە. لەبەردەم ئەم ئەشکەوتەدا، لەسەر بەردێکی شاقووڵییە و قەڵایەکی لێیە بەناوی سەلیم عەلی قەلعەسی (قەڵای سەلیم عەلی). لە دەوروپشتی شارەکەدا، جاران یەك گومبەتی لێ بووە، کە بۆتە کەلاوە و ئێسك و پرووسکی ئەلیکساندەری گەورەی لێ بووە پێش گواستنەوەی بۆ ئەلکسەندرییە کە وا پێناچێ هەرگیز بێرەدا ڕەت بووبێت.

شارەزوور مەترانێکی نەستووری لێیە کە سەر بە پایتەختی ئەدیابین یا ئەربیل–ە و مەترانێکی یەعقووبی لێیە کە سەر بە مافرین –ە.

گوڵعەنبەر لە بناغەدا کۆشکێك بووە لە لایەن سوڵتان سولێمان قانوونی (١٥٢٠–١٥٦٦) دروست کراوە بۆ ئەوەی ببێتە شوێنی نیشتەنی پاشایەکان و حاکمانی عوسمانی. لە سەرەتای سەدەی حەڤدە، شا عەباس ( ١٥٨٧–١٦٢٩) تێکی داوە، بەڵام بیست ساڵ دواتر، لە ساڵی (١٦٣٠) سەدری ئەعزەمی سوڵتان مورادی چوارەم، کە لە شارەزوور لێی هەڵدابوو، دانیشتنێك ساز دەکات و لەوێدا بڕیاریان دا کە ئەگەر کۆشکەکە پێویست نەبوایە، ئەوا سوڵتان سولێمان لەم شوێنە دروستی نەدەکرد و خۆ ئەگەر جێگەی مەترسیش نەبوایە بۆ دوژمن ئەوا شا عەباس نەیدەڕووخاند. لە ئەنجامدا ئەنجومەن گەیشتە ئەو بڕیارەی، کە دەبێ کۆشکەکە دروست بکرێتەوە. لە ماوەی حەوت هەفتەدا کارەکە تەواو بوو.

## قەزای شارباژێڕ

ئەم قەزایە یەك ناحیە و (٤٠ ) ئاوایی هەیە. سەرجەمی دانیشتوانەکەی (٦٦٠٠) کەسە. شیوەکەل، مەڵبەندی قەزایە، کە شارباژێڕ–یشی پێ دەڵێن، بەرهەمی تووتن، برنج، و تریێ بەناوبانگە. دانیشتوانەکەی ١٥٠٠ کەسە و هەموویان موسڵمانن و یەك مزگەوتی لێیە.

ئەم قەزایە کەم ناسراوە، تەنها ئەوە دەزانین کە زۆربەی دانیشتوانەکەی ترێ، برنج، تووتن و داری بەردار دەچێنن.

## قەزای مەرگە یا مەرکە

ئەم قەزایە (٢) ناحیە و (٦٠) ئاوایی هەیە. دانیشتوانەکەی (٦٦٠٠) کەسن.

**بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی:** بەشی گەورەی ئەم قەزایە کەوتۆتە ناوچە چیاییەکان بەڵام تا ڕادەیەك بەشی چاندنی جۆ، گەنم، برنج زەویوزاری هەیە. خەڵکی مەرگە بە گشتی سەرقاڵی باخچەوانین.



LA

# TURQUIE D'ASIE

## GÉOGRAPHIE ADMINISTRATIVE

STATISTIQUE
DESCRIPTIVE ET RAISONNÉE DE CHAQUE PROVINCE
DE L'ASIE-MINEURE

PAR

VITAL CUINET

N° 6839

TOME DEUXIEME

SUPPLÉMENT
7894

PARIS
ERNEST LEROUX, ÉDITEUR
28, RUE BONAPARTE, 28

1891

# SANDJAK DE SULÉIMANIÈH

**Limites.** — Le sandjak de Suléimanièh est enclavé entre la Perse à l'est et le sandjak de Chehrizor à l'ouest.

**Division administrative.** — Il est divisé administrati-ement en 5 cazas et possède 11 nahiés, comme suit :

| CAZAS | NAHIÉS |
|---|---|
| Suléïmanièh (merkez-caza). | Sar-Achinar-Chark. — Sar-Achinar-Gharb. — Kara-dagh. — Belg-Ouada. |
| Bazian | Sankas. — Kalek-Sioka. |
| Gul-ambar | Kizildja. — Saroudjik. |
| Chehr-Bazar | Mavat. |
| Marga | Pichter. — Sourtâch. |
| 5 cazas | 11 nahiés |

**Population.** — La population du sandjak de Suléïmanièh est de 51,600 habitants qui se trouvent répartis dans les 5 cazas et les 353 villages du sandjak comme suit :

| CAZAS | TOTAUX PAR CAZAS | VILLAGES |
|---|---|---|
| Sulémanièh (merkez-caza) | 26.000 hab. | 104 |
| Bazian | 5.400 — | 54 |
| Gul-ambar | 7.000 — | 95 |
| Chehr-Bazar | 6 600 — | 40 |
| Marka ou Marga | 6.600 — | 60 |
| Totaux | 51.600 hab. | 353 |

**پەراوێزەکان:**

* کلدانی مەزهەب نییە، بەڵکو زیاتر ڕەگەز، تۆرەمەیە، (وەرگێڕ).

(1) garance

(2) masha

(3) koprana

(4) Salomon

(5) Baban-baya

(6)Saint-Georges

(7) Tell-Chahân

(٨) لە تێکستە فرەنسییەکەدا بەم شێوەیە نووسراوە: kérème-Tepé واتە (کەرەم–تەپە)، بەڵام پێم وایە دەبێ ڕاستەکەی هەر (قەرە تەپە) بێت، (وەرگێڕ).

( 9 ) Belg-Ouada

(10) Kalek

(11) Contribution indirecte

(12) kariz

(13) Dchamchaman

(14) Siazuros

(15) Chehr-Firouz

(16) Caverne de la sorcière bleue

**سەرچاوە:**

Cuinet Vital, *La Turquie d'Asie: géographie administrative, statistique, descriptive et raisonnée de chaque province de l'Asie-Mineure*, Paris, 1890, p : 860-873